# چارەسەری ئیسلام بۆ توندوتیژی دژ بە ئافرەتان

( بەشی یەکەم )

ئیسلام مافەکانی ئافرەتی بە تەواوی داوە، بە شێوازێك بگونجێ لەگەڵ کەسایەتی و تواناو پێداویستییەکانی و ئامانجەکانی و رۆڵی سەرەکی لە ژیاندا، هەروەها لە هرزی ئیسلامیدا بۆ پێناسەی کۆمەڵگە بە یەکێتییەکی یەك تەواوکەر تەماشای دەکات و بەهیچ شێوەیەك رێگا نادات کەس بە وشەیەکیش ئازاری بدات.

قورئانی پیرۆز چەندین جار لە چەندین شوێن باسی ئافرەتی کردووەو لەم بابەخدانە گەیشتووەتە ئەوەی کە ناوی چەند سورەتێکی بەناو ئافرەتەوە تۆمار کردووە، وەك: (سورەتی مریم، سورەتی النسا) کەچی سورەتمان بە ناوی پیاوانەوە نییە، وشەی (الرجال) لە قورئان (٢٤) جار هاتووە بە یەکسانی ناوی (المرأە) بە هەمان ژمارە هاتووە.

خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ النساء ١:

لەم ئایەتەدا خوای گەورە راستییەکی چەسپاندووە لە قورئاندا کە هیچ جیاوازییەك لە فیترەت و نەژاد و بنچینە و بنەواندا جیاوازی رەگەزی نییە، بەڵام جیاوازی لە خۆ ئامادەکردن و ئیش و کار و کارو فەرمانێتی هەیە.

خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ الروم: ٢١

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات:١٣

﴿يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاءُ الذُّكُورَ﴾ الشورى :٤٩ .

لەم چەند ئایەتەدا خوای گەورە راڤەی زۆر بابەتی کردووە دەربارەی پرسیاری مرۆڤە هۆشمەندەکان، وەك ژنهێنان و هاوسەرایەتی، دروستکردنی ژنان و پیاوان، کەسانێك خاوەنی نێرینەن، کەسانێکش مێیان دەبێت.

﴿وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ آمَنُوا امْرَأَتَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِي عِندَكَ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾ التحريم :١١

لەم فەرموودەیەدا ئافرەتێکی ئیمانداری کردووەتە نموونە بۆ بڕواداران کە ئەمە بەڵگەیە کە قورئان پەیامێکی نێرینەیی نییە .

لە قورئاندا ئاماژە بە کامەرانی و خۆشی ئافرەتێك دەدات کە کوڕەکەی دەبێت بە پێغەمبەر و ئەو دایکە



## شێخ ئیبراهیم شێخ محەمەد تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری ئیرشاد و توێژینەوە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

بۆ گوڵانی نووسیوە

بەختەوەرە دایکی حەزرەتی موسایە، خوای گەورە فەرموویەتی:
﴿رَجَعْنَاكَ إِلَى أُمِّكَ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ﴾ طه : ٤٠، لە هەمان کاتدا چەندین وێنەی گەشبین و یەکسانی لەگەڵ پیاواندا لە قورئان باسی لێوە کراوە .

**● ئیسلام قەدەغەی کردووە توندوتیژی بکرێت دژ بە ئافرەتان**

ئیسلام دووپاتی کردووەتەوە لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین فەرموودەدا کە دەبێت موسڵمان خۆی بە دوور بگرێت و قەدەغەی کردووە کە توندوتیژی و ئازاردان و چەوسانەوە بەرامبەر ئافرەت ئەنجام بدرێت و جاری وا هەیە سزای توندی ئەو کەسانە دەدات کە رەفتاری ناشیاو بکات، نموونەی ئەم بابەتە :

١ - ئازاردانی ئافرەتان حرام و ناپەسەندە بە شێوەیەکی گشتی خوای گەورە فەرموویەتی:
﴿وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا﴾الأحزاب: ٥٨.

ئەم فەرموودەیە کاتێك دابەزی کە عەبدوڵای کوڕی ئوبەی و کەسانێکی تر خەریکی بوختان و ناپاکی و هەڵبەستنی تاوان بوون بۆ ئافرەتێك لە ئافرەتەکانی پێغەمبەر(د.خ) کە دایکە عایشە بوو، لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە خودای میهربان ئازاردانی ئافرەتانی مەحکوم و ناپوت کرد.

٢ — ئازاردانی ئافرەتان بە وشە و زوبان ناپەسەند و حرامە:
﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِّن قَوْمٍ عَسَىٰ أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِّن نِّسَاءٍ عَسَىٰ أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾الحجرات: ١١

لەم فەرموودەیەدا قورئان دووپاتی دەکاتەوە کە دەبێت ئافرەت پارێزراو بێت لە قسەپێکردنی ناحەق و ناڕەوا و پیس و نابەجێ و گاڵتەجاڕی.

٣ — قەدەغەکردنی ناوزڕاندنی ئافرەت :
﴿ وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾النور: ٤

لەم فەرموودەیەی قورئان باس لە گەورەیی ئەو تاوانە دەکات کە کەسێك بوختان بکات و ناوبانگی ئافرەتێك بەبێ بەڵگە بزڕێنێت، لەبەر ئەو زیان و زەرەرانەی کە ئافرەت تووشی دەبێت، بۆیە سزایەکی زۆر قورسی داناوە. بەڵکو قورئان بە شێوازێکی قێزەون و نامۆ باسی بابەتی تەشهیر و گومانی خراپ بە ئافرەتانی کردووە:
﴿يَا أُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا﴾ مریم :٢٨ .

# ئافرەتانی کوردستان لەنێوان توندوتیژی ڕەگەزی و ستەمی نەتەوایەتی

بزووتنەوەی ئافرەتان، لە هەر شوێنێکی دونیادا بێت لەسەر ئاستی تاکەکەس وەک چالاکوان یاخود لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی، بنەمای کارکردنی بۆ نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، دیموکراسی و یەکسانیخوازە، چوارچێوەی کارکردنیشی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە خودی کۆمەڵگەیە، زەمینەی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش پێویستی بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی لەبارە بە پلەی یەکەم لە ڕووی ئاسایش و ئاشتەواییەوە.

بزووتنەوەی ئافرەتانی کوردستان، بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی بە هەمان شێوە پێویستی بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی لەبارە بۆ دەستەبەرکردنی تەواوی مافە مرۆییە بەدەستهاتووەکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان لە یەکسانی، ئاسایش، ئازادی، شکۆ و ڕێز بۆ ئافرەت، یەکێک لەو دیاردانەش، کە هەمیشە وەک لەمپەرێک بووە لە بەردەم یەکسانی و پێشکەوتنی ئافرەتان و بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، دیاردەی توندوتیژییە لەسەر بنەمای جێندەر، ئەم جۆرە لە توندوتیژی کە لەلایەن ڕەگەزی نێر دەکرێت بەرامبەر ڕەگەزی مێ، بە پاساوی جۆراوجۆر بە قۆستنەوەی پێگەی بەهێزی نێر و بە پاڵپشتی هزری پیاوسالارییە، کە ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر تێکڕای کۆمەڵگە دەبێت بە هۆی کاریگەری دانان لەو ڕۆڵ و پێگەی کە ڕەگەزی مێیینە خاوەنیەتی. جیا لەمەش ئێمە وەک ئافرەتانی کورستان لە چوارچێوەی جوگرافیای کوردستاندا، بەدەر نەبووین لەو ستەمەی کە بە هۆی نەژادمان وەک کورد ڕووبەڕوومان دەبێتەوەو تا ئێستاش بەردەوامە، هەر بۆیە لە هیچ قۆناغێکدا بزووتنەوەی ئافرەتانی کوردستان خۆی جیا نەکردۆتەوە لە کۆمەڵگەی کوردستانی و هەموو کات لە پاڵ داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت لە پرسە نیشتمانییەکانیش هاوبەش بووە و بە پرسی خۆی زانیوە.

ئەزموونی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای هەموو بەربەستەکان هەمیشە هەوڵی داوە کەشێکی ئارام و سەقامگیر باڵ بەسەر هەرێمی کوردستاندا بکێشێ و تا ڕادەیەکی بەرچاویش لە هەموو ڕووەکانەوە پێشکەوتن بەدیهات، جیا لە ناوچەکانی دیکەی عێراق، لە هەرێمی کوردستان ژینگەیەک بۆ پێکەوەژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان و هەوڵدانێکی جددی بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی توندوتیژیی ڕەگەزی لە ئارادا بوو، کە خۆی دەبینییەوە لە هەموارکردنەوەی چەندین ماددە لە یاسای باری کەسی و دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژیی خێزانی و دامەزراندنی



**د. ڤیان سلێمان**

**سکرتێری گشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

بەڕێوبەرایەتییەکانی تایبەتمەند بەم بوارە، هەر بۆیە پرسی ئافرەت بوو بە پرسی گشتیی کۆمەڵگە و بە خێرایی هەنگاوی دەنا بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی، بەڵام هەڵمەتی داگیرکاری تیرۆریستانی داعش و گەمارۆی ئابووریی حکومەتی عێراق، کاریگەری ڕاستەوخۆی بە شێوەیەکی سلبی لەسەر هەرێمی کوردستان بەجێهێشت، هەروەها لە دوای تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش شەڕانگێزییەکی دیکە لە فۆرمێکی نوێدا، بەڵام بە هەمان مەبەست کە داگیرکاری و تێکدانی سەقامگیری و وەستاندنی پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستانە یەخەی هەرێمی کوردستانی گرت.

هەر دوو هەڵمەتی پاوانخوازی و داگیرکاری یەک لە دوای یەک کە کرانە سەر کوردستان و دوو جار داگیرکاری بەشێک لە شارەکانی کوردستان لەلایەن داعش و حەشدەوە، ڕەفتارو کردەوەکانی ئەم دوو هێزەو لێکەوتەکانی هەر دوو داگیرکارییەکە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، کە هەر دوو هەڵمەتەکە داگیرکاری و تیرۆریستین، بەڵام لە فۆرمی جیاوازدا، تراژیدیای کچانی ئێزیدی، هێرشکردنە سەر خەڵکی سڤیل لە کەرکووك و دوز و دەربەدەربوونیان بەتایبەت ئافرەت و منداڵ لە زێدی نیشتەجێبوون کە ئەمانەش لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی هێزی داگیرکارو گرووپە تیرۆریستییەکانن، هەموو ئەمانەش پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانن و پێشێلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤن.

لەم چوارچێوەیەدا و بە وردبوونەوە لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان و بەتایبەت بارودۆخی ئافرەتان چ لە ڕووی ئەو توندوتیژویانەی کە لەسەر بنەمای ڕەگەز ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، هەروەها چ وەک ئەو ستەمەی بە هۆی نەژادی کوردبوونمان ڕووبەڕووی نەتەوەکەمان دەبێتەوە، پێویستە لە پاڵ داواکردنی مافە ڕەواکانمان وەک ئافرەت و کۆتاییهێنان بە هەموو ئەو توندوتیژییانەی کە بە هۆی ئافرەت بوونەوە ئەنجام دەردرێن، بە هەموو توانایەکمان بەرگری لە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و سەقامگیری هەرێمی کوردستان بکەین و پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بین لە سەرکەوتن لە ئەرکەکانیدا، چونکە پرسی ئافرەت و پرسی نەتەوەیی دوو پرسی هاوتەریبن و پابەندن بە یەکەوەو سەرکەوتنی هەریەکەیان و کارکردن بۆی پێویستە هاوسەنگ بێ لەگەڵ ئەوی دیکە، بۆ ئەم دوو ئامانجە پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت و بە دەنگێکی بڵندو باوەڕێکی بەهێزەوە کار بکەن بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دیموکراتخوازو ئازاد.




# لە ٩مانگی رابردوودا
# کوشتن ٣٨
# خۆکوشتن ٥٨
# سووتان ١٦٦
# خۆسووتاندن ٩٥
# دەستدرێژی سێکسی ١٠١
# ٦٩٨٧ سکاڵا تۆمار کراون

توندوتیژی خێزانی دیاردەیەکی جیهانییەو هۆکارگەلێکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە پشتە، تائێستاش کێشەیەکی گەورەی هەر کۆمەڵگەیەکە و بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوودا رێژەیەکی مەترسیداری هەیە. هەر سەبارەت بەو پرسە راوێژکاری یاسایی عزەدین عەبدوڵڵا یاسین لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: «دیاردەی توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانییە و لەهەرێمی کوردستانیش ئەم دیاردەیە بە شێوازو رێژەی جیاواز بوونی هەیە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە ناپەسندە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی دامەزراوە فەرمییەکانی خۆی و بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و نێودەوڵەتی بەرەنگاری بۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت کەشێکی ئارام لە کۆمەڵگەدا بۆ تاکەکانی فەراهەم بکات .بێگومان دیاردەی توندوتیژی زادەی بیرو تێڕوانینی ئەو کەسانەیە کە ئەنجامی دەدەن پاڵپشت بە هۆکاری جیاواز کە لەوانەیە لەلای ئەوان تاکە چارەسەری کێشەکان بێت. بۆ ئەم مەبەستە جگە لەکاری

بەردەوام ساڵانە هەڵمەتێك بەرپا دەکرێت بەناوی (هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەدژی ئافرەتان) کەلەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەجیهانی کراوە، کەبۆ ماوەی (١٦) رۆژە واتە لە (٢٠١٧/١١/٢٥ تا ٢٠١٧/١٢/١٠)، لەم چوارچێوەیە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان ساڵانە پلانی پێویست ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی بتوانرێت باشتر بەرەنگاری دیاردەی توندوتیژی بکرێت، ئەمساڵیش (٢٠١٧) بەپێی پلانی ئامادەکراو بۆ ئەم هەڵمەتە لە شارو شارۆچکەو گوندەکانی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك چالاکی ئەنجام دەدرێت بۆ زیاتر وشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەبارەی لایەنە نەرێنییەکانی توندوتیژی، وەک سەردانیکردنی قوتابخانەو پەیمانگاو کۆلێژەکان بۆ روونکردنەوەی یاساکان و پرسی یەکسانی لە (نێر و مێ)، ئەنجامدانی سیمینار لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەو پەنابەرەکان و هەروەها لەناو کەمپەکان، کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ هەماهەنگی زیاتر لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، دابەشکردنی پۆستەرو پرۆشۆرو نامیلکەی

# وێڕای هەوڵەکان توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کەچی ئامارەکان لە چاو ساڵانی رابردوو مەترسیدارترن

**رۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ سێ خوشك لە كۆماری دومینیكەن بە نازناوی میراباڵ، لەلایەن حكومەتی ئەو كاتی وڵاتەكەوە كوژران و لە ساڵی ١٩٨١ـەوە ئەو رۆژە كرا بە رۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان و لە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە وەكو رۆژێكی جیهانی ناسێندرا، بەڵام وێڕای هەوڵە جیاجیاكان لەسەر ئاستی جیهان تا ئێستاش نەتوانراوە ئەو دیاردەیە بنبڕ بكرێت. پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستانیش شانبەشانی وڵاتانی دنیا هەوڵی جددییان داوە بۆ كەمكردنەوە و نەهێشتنی ئەو دیاردەیە و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بە یاسای یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠١١ ناسراوە، یەكێك لەو هەوڵانە بووە كە تا رادەیەك كاریگەری لە سەر كەمكردنەوەی تاوانەكانی توندوتیژی هەبووە. بەڵام بە پێی ئاماری توندوتیژییەكانی دژی ئافرەتان لە هەرێمی كوردستان لە ٩مانگی رابردوو (كوشتن٣٨، خۆكوشتن٥٨، سووتان ١٦٦، خۆسووتاندن ٩٥ و سێكسی(١٠١) حاڵەت بووە و(٦٩٨٧) سكاڵاش تۆمار كراون، ئەوەش دەیسەلمێنێت كە وێڕای هەوڵەكان توندوتیژی دژ بە ئافرەتان رێژەیەكی مەترسیداری هەیە. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان ئەو پرسە هەستیارە دەكەن.**

تایبەت بە وشیاركردنەوەی كۆمەڵگە لەبارەی لایەنە نەرێنییەكانی توندوتیژی.» سەبارەت بە ئامارو رێژەی توندوتیژیەكانیش گوتی: «لەبەر ئەوەی ئاگاداربوون و وشیاریی تاكەكانی كۆمەڵگە زیاتر بووە لەبارەی بوونی دامەزراوە فەرمییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئاشنابوون بە یاساكان، رێژەی تۆماركردنی سكاڵا ساڵانە لەزۆر بوون و بەرزبوونەوەدایە، بەڵام سەبارەت بە جۆرەكانی توندوتیژی رێژەكان بەردەوام لە گۆڕانكاریدان بەپێی جۆرەكان و شوێنی ئەنجامدانی تاوانەكان، بۆ نموونە هاوسەرگیری بە زۆری منداڵان لە سنووری پارێزگایەك زیاترە بەهۆی بوونی ژمارەیەكی زۆر لە ئاوارە و پەنابەران كە وەك كەلتورێكە لەلای ئەوان، بەڵام لە سنووری پارێزگایەكی تر رێژەی تەڵاق و توندوتیژی سێكسی زیاترە، بۆیە بەپێی رێژەی توندوتیژییەكان پلانی ساڵانە دادەنرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو جۆرە توندوتیژییانە.» گوتیشی: «بەشێوەیەكی گشتی توندوتیژی لەدژی ئافرەتان لەهەرێمی كوردستان وەك پرسێك مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت كە كۆمەڵگە دەخاتە بارێكی ئارامەوە، بۆیە بەردەوام لە رێگای هەڵمەتەكانی وشیاركردنەوە، رێگای خۆپارێزی لەم بارەیەوە دەخرێتەڕوو، هەروەها چارەسەركردنی لەدوای روودانی لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەكانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی كوردستان و دامەزراوە فەرمیەكانی تر بۆ ئەوەی بە هەوڵی هەموو لایەك بگەینە ژیانێكی ئاسوودەو كۆمەڵگەیەكی دوور لەتوندوتیژی» .

نووسەر و میدیاكار نوری بێخاڵی سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەكات كە «توندوتیژی یەكیكە لە كۆنترین دیاردە سۆسیۆ - سیاسییەكانی ناو مێژووی مرۆڤایەتی، بەتایبەتیش لەناو مێژووی سیاسی. دیوێكی هەر زەقی ململانێی سیاسی لە مێژوودا، توندوتیژییە، لەم پرۆسەی توندوتیژییەدا، ژن و منداڵ، پشكی شێری قوربانیدانیان بەركەوتووە. ئینجا نەرمی و توندی، كەم و زۆری، بەرزی و نزمیی رێژە و ئاستی ئەو توندوتیژییە سیاسییە لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ یەكێكی دیكە، بە گوێرەی ئەتمۆسفیری سیاسی و پاشخانی ئایینی و كولتووری كۆمەڵایەتی، جیاوازە.» جەختیش لەوە دەكاتەوە كە «لە ئاستە گشتی و ناسراوەكەیدا، توندوتژیی سیاسی هەموو گوفتار و رەفتارێك، یان هەموو قسە و كردارێك

دەگرێتەوە، کە زیان بە بەرامبەر بگەیەنێت. واتە هەموو هێزێک کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە بەرامبەر. ئیتر ئەو هێزە سیمبولیک بێت، یان بەرجەستە. هێزی زمان و گوتار بێت، یاخود هێزی ماددی. ژن یەکێکە لەوانەی کە بە جۆری جیاواز ڕووبەڕووی ئەم جۆری توندوتیژییە دەبێتەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە نەریتگەرا و باوەڕسالارەکاندا. کۆمەڵگەیەک، کە پیاو تیایدا ڕەوایەتی و هێزی دەسەڵاتخوازانەی خۆی لە نەریتی کۆمەڵایەتی، ئەتمۆسفیری ئایینی، کولتووری سیاسی وەردەگرێت.»

بێخاڵی لە درێژەی ڕادەربڕینەکەیدا دەڵێت: «لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا کە هێشتا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، ڕاپەڵ و پرەنسیپ و بنەماکانی پاتریارکی تێنەپەڕاندووە. کۆمەڵگەیەک تیایدا بوون و بەهای مرۆڤ بە گشتی و لەناویشیاندا ژن و کەسایەتی و بوون و بەها مرۆییەکەی بەتایبەتی، لە پەراوێزدان، زیاد لەهەر کۆمەڵگەیەکی دیکە، ژن تێیدا ڕووبەڕووی مەترسییەکانی توندوتیژی دەبێتەوە. ژن لەم کۆمەڵگەیانەدا، لە یەک کاتدا دەبێتە قوربانیی توندوتیژیی (ڕەوا و ناڕەوا، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، فەرمی و نافەرمی، یاسایی و نایاسایی - ئەمە بابەتێکە بە گەڕانەوەمان بۆ بۆچوونەکانی ماکس ڤیبەر زێدەتر ڕۆشن دەبێتەوە، کە لێرەدا بواری وردکردنەوەی نییە. بەهەرحاڵ، بەو پێیەی توندوتیژیی سیاسی لە سروشتی خۆیدا هەمەجۆرە، ئیدی لە هەر شوێنکاتێک و بە گوێرەی ئەو لایەنەی (دەوڵەت، کۆمەڵگە، گرووپی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دامەزراوەی ئایینی) توندوتیژییەکە پیادە دەکات، ژن لەو کۆمەڵگەیانەدا بەشی خۆی لە هەر هەموو جۆرەکانی بەردەکەوێت. هەر لە ستەم و چەوساندنەوەی سیاسییەوە بگرە، تا جەنگەکان و لەناویشیاندا شەڕە ناوخۆییەکان (ئەمەشیان لە ڕوانگەی زانستی سیۆسیۆ - سیاسیدا، شێوازێکی دیکەی توندوتیژیی سیاسییە)، بۆ کودەتا سەربازییەکان، تا دەگاتە جیاوازیی دونیابینی هێزە سیاسی و گرووپە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان، لە تێگەیشتنیان بۆ مافەکانی ژن و مامەڵەکردنیان لەگەڵ چەمکی ڕۆڵی لە بەشداریی سیاسیی ژن.»

گوڵاڵە پشدەری چالاکی کۆمەڵی مەدەنییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «جیاوازی ڕەگەزی هۆکارێکە بۆ توندوتیژی دژی ژنان و هەروەها ئایین، کەلتوور، دەسەڵات، دابونەریت و ئاستی نزمی خوێندەواری و لاوازیی ئابووری واتە هەژاری هەموو ئەوانە لەو بوارەدا کاریگەری و کارتێکەریی خۆیان هەیە.» هاوکات ڕایوایە «تەنیا ڕەگەزی نێر نییە کە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەکات، بەڵکو زۆرن ئەو ژنانەی کە خۆیان توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەکەن، وەکو دایك کە کچەکەی خەتەنە دەکات، ناکۆکیی بووك و خەسوو، یان ئەو ژنە هاوکارانەی کە دژوارکاری بۆ یەکتر پەیدا دەکەن و بە سەرکەوتنی یەکتری دڵشاد نین، هەتا ئەو ژنانەش کە بێچارە و سووك ئەقڵن و دوای پیاوانی ژندار دەکەون بۆ تێرکردنی ئەو لایەنە زووگوزەرەی نەفسی خۆیان، بەوەش دەبنە هۆی تێکدان و لێکترازانی خێزان و جیابوونەوەی ژن و پیاو.»

ئەو چالاکی مەدەنییە یەکێک لە هۆکارەکانی توندوتیژی دەگەڕێنێتەوە بۆ «پێکدادانی دوو کەلتووری جیاك واتە بیروباوەڕی نوێ و سەردەمییانە و بیری ژەنگاویبوونی پاراستنی شەڕەف و یەکسان نەزانینی ڕەگەزی مێ لەگەڵ نێر.» بۆ چارەسەریش بە پێویستی دەزانێت لە خوێندنگەکان واتە هەر لە قۆناغی بنەڕەتییەوە تاوەکو زانکۆ کاری لەسەر بکرێت و گوتیشی: «پێموایە توندوتیژی بە یەکجاری بنبڕ ناکرێ و ئەوە ئیمکانی نییە، بەڵام دەتواندرێت بە چەندین ڕێگە کەمتر بکرێتەوە، زۆریش گرنگە کە تەنیا کار لەسەر یەك ڕەگەز نەکرێت و لە ڕووی وشیارکردنەوە و پەروەردەییەوە کار لەسەر هەردوو ڕەگەز بکرێت.» جەختی لەوەش کردەوە کە «یەک لەسەر سێ ژنانی جیهان تووشی توندوتیژی دەبنەوە و زۆربەتان ناوێرن سکاڵا لە لای پۆلیس تۆمار بکەن. تەنانەت ژنانێك کە لە پۆستەکانی باڵادان، یاخود خاوەن بڕوانامەی بەرز و ناودارن، ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بەڵام لە زۆر کاتدا بە هۆی نەزڕاندنی ناویان و پێگەیان ناتوانن بیدرکێنن و بێدەنگی هەڵدەبژێرن.»

عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بەردەوامبوونی دیاردەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان چەندین ڕوانگە و ڕەهەندی جیاوازی هەیە، یەکێك لەوانە ڕەهەندی بە نێودەوڵەتی بوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانە و ئێمە باس لە بابەتێکی لۆکاڵی و ناوخۆیی ناکەین، بەڵکو ئەوە دیاردەیەکی جیهانییە و پێویستە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی ببینەوە، لایەنێکی بەردەوامبوونی ئەو دیاردەیە لەوەدایە من وای دەبینم لە کوردستاندا مەنزومەی یاسایی بە شێوەیەکی تەندروست دانەڕێژدراوە، واتا ڕێکارە یاساییەکان وەکو خۆی بەڕێوە ناچن و درز و کەلێنی زۆری تێدایە و بۆ هەموو کەس وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر حکومەت و حزبە فەرمانڕەواکان هەیە، هۆکارێکی دیکەش ئەو قەیرانە ئابووری و سیاسییەیە کە ماوەی چوار ساڵە بەرۆکی کوردستانی گرتووە و دەکرێ لە زیادبوون و بەردەوامبوونی ئەو دیاردەیە بە هەند وەریبگرن، چونکە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر باری دەروونیی تاکەکان دروست کردووە، خاڵێکی تر پەیوەستە بە گوتاری ناواقیعییانەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەتایبەت ڕێکخراوە داکۆکیکارەکانی مافی ئافرەتان، ئەوەندەی خزمەتیان بە لێکترازانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ناسەقامگیری خێزان کردووە، ئەوەندە خزمەت بە یەکانگیری و سەقامگیری خێزان و چارەسەری

**ناپاکی هاوسەریی هەر لایەنێک لە هاوسەران ئەنجامی بدەن، بەتوندوتیژی دادەنرێت دژی بەرامبەر، بەڵام لەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا وەک لادانێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، نەک توندوتیژی**

**توندوتیژی لەچەندین فۆرمی جۆراوجۆردا نمایش دەکات، بەڵام تێنەگەیشتنی تەواو لەچەمکی توندوتیژی وایکردووە، تەندا ڕووداوە خوێناوییەکان خوێندنەوەی بۆ بکرێت**

**لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر توندوتیژییە فیزیکییەکان دەخرێنە خانەی توندوتیژییەوە، لەکاتێکدا توندوتیژی دەروونی پانتاییەکی گەورەی لەژیانی کۆمەڵگەدا گرتووە**

کێشەکان ناکەن، دەکرێ بڵێین لەم رووەوە کارەکانیان ئەرێنی نەبووە.» سەبارەت بە چارەسەری دیاردەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانیش گوتی: «ئێمە پێویستیمان بە هەڵمەتێکی نیشتمانی و سەرتاسەری هەیە کە تیایدا حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ناوەندە ئایینییەکان و تەنانەت پرۆگرامەکانی خوێندنیش، لەسەر هەموو ئاست و مەوداکان کە هەریەك لەوانە بە ئەندازەی توانای خۆی رۆڵ ببینێ لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و کاریگەری لەسەر مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی بەرامبەر بە ئافرەت دابنێت.»

دەروونناس سامان سیوەیلی سمبارەت بە هەمان پرس بەمجورە راوسەرنجەکانی دەخاتەڕوو: «ئەگەر بەخێرایی ئاوڕێك لە مێژووی مرۆڤایەتی بدەینەوە مەحاڵە ساتە وەختێك لەژیانی مرۆڤایەتیدا بدۆزینەوە کە تیایدا توندوتیژی بەکارنەهێنرابێت، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر توندوتیژییە فیزیکییەکان دەخرێنە خانەی توندوتیژییەوە، لەکاتێکدا توندوتیژی دەروونی پانتاییەکی گەورەی لەژیانی کۆمەڵگەدا گرتووە.

لەم رۆژگارەی ئێستا مەحاڵە شەو و رۆژێك بەسەرماندا تێپەڕێت ئەگەر هەواڵی چەند حاڵەتێکی توندوتیژی تێدا نەبیستین.

زۆر بەسانایی لەدیرۆکی مرۆڤایەتیدا سەدان و هەزار و بگرە ملیۆنەها پاڵەوانی کوشتن و بڕین و کاولکاری دەدۆزینەوە، دەکرێت توندوتیژی بەبەشێکی دانەبڕاوی سروشت و پێکهاتەی سایکۆلۆژی مرۆڤ دابنرێت. توندوتیژی لەچەندین فۆرمی جۆراوجۆردا نمایش دەکات، بەڵام تێنەگەیشتنی تەواو لەچەمکی توندوتیژی وایکردووە، تەندا رووداوە خوێناوییەکان خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بۆ نموونە: دیاردەی خەتەنەکردنی کچان بە فۆرمێکی توندوتیژی دادەنرێت کە بەرامبەر رەگەزی مێینە بەڕێوەدەچێت، بەڵام لەکۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا وەك بەجێهێنانی سوننەتێك لێیدەڕوانرێت. ناپاکیی هاوسەریی هەر لایەنێك لە هاوسەران ئەنجامی بدەن، بەتوندوتیژی دادەنرێت دژی بەرامبەر، بەڵام لەکۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا وەك لادانێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، نەك توندوتیژی، خۆبەدوورگرتن لەئەنجامدانی پرۆسەی سێکسیی هەر لایەنێکی ژیانی هاوسەریی پێی هەستێت بەهەمان شێوە بە توندوتیژی دادەنرێت.

کەسانی توندوتیژ کەسانێکن لە رووی سۆزدارییەوە ساردن، لە رووی بەزەییەوە دڵڕەقن، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بێباکن، دەمارگیرن بۆ بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیان، سەرسەختن لە مامەڵە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا، زۆر بەکەمی خوێندنەوە بۆ ئایندەی رەفتارەکانیان دەکەن. کەسانی توندتیژ ویژدانیان دوچاری هەڵاوسان بووە، ئینجا ئەم هەڵاوسانە دەرەنجامی پەروەردەیەکی چەوتی خێزانی بێت، یاخود لە رێی شوشتنەوەی مێشکەوە بێت کە ئایدیۆلۆژیایەك، یان تاقم و گرووپ و حزبێك کاری لەسەر بکەن و تاك لە بەها مرۆییەکان بشۆنەوە. کەسانی ناتوندوتیژ لێبوردە نین، لێبوردەیی بە لاوازی و بەزین دەبینن. ئەگەر بەرامبەر داوای لێبوردنیان لێبکات، ئەوا پەسەندکردنی ئەو داوایە بەبەزین دادەنێن، خۆشیان ئامادەنین داوای لێبوردن بکەن، چونکە باوەڕیان وایە کە لاوازی خۆیان نیشان دەدەن، ئەمە لەکاتێکدا پرەنسیپەکانی دەروندروستی پێمان دەڵێت، یەکێك لە خەسڵەتەکانی کەسانی دەروندروست بریتییە لەلێبوردەیی. کەسانی ناتوندتیژ لەدوای ئەنجامدانی هەڵەیەك، یان توندتیژییەکی کاتی هەست بەپەشیمانی دەکەن و تووشی ئازاری ویژدانیان دەبن، بەڵام کەسانی توندوتیژ هەست بەپەشیمانی ناکەن و ئازاری ویژدانیان تووش نابێت، چونکە لەبنەڕەتدا ویژدانیان وەك پێکهاتەیەکی سایکۆلۆژی نەخۆشە.

**رێکخراوە داکۆکیکارەکانی مافی ئافرەتان، ئەوەندەی خزمەتیان بە لێکترازانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ناسەقامگیری خێزان کردووە، ئەوەندە خزمەت بە یەکانگیری و سەقامگیری خێزان و چارەسەری کێشەکان ناکەن**

**رێکارە یاساییەکان وەکو خۆی بەڕێوە ناچن و درز و کەلێنی زۆری تێدایە و بۆ هەموو کەس وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر حکومەت و حزبە فەرمانڕەواکان هەیە**

**توندوتیژی بە یەکجاری بنبڕ ناکرێ و ئەوە ئیمکانی نییە، بەڵام دەتواندرێت بە چەندین رێگە کەمتر بکرێتەوە، زۆریش گرنگە کە تەنیا کار لەسەر یەک رەگەز نەکرێت و لە رووی وشیارکردنەوە و پەروەردەییەوە کار لەسەر هەردوو رەگەز بکرێت**

**ئاماری توندوتیژییەکانی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان کۆی (٩) مانگی ساڵی (٢٠١٧)**

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتاندن | سکاڵا | سێکسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٤ | ٢١ | ٦٥ | ٣٣ | ٢٣٧٦ | ٢١ |
| دهۆک | ١٠ | ١٥ | ٢٨ | ١٩ | ١٧٧٥ | ٢٩ |
| سلێمانی | ١١ | ١٣ | ٣٣ | ١٦ | ١٥٨٩ | ٢٠ |
| گەرمیان | ٠ | ٢ | ٧ | ٨ | ٦٣١ | ٨ |
| راپەڕین | ١ | ٦ | ١٦ | ٩ | ٣٩٢ | ١٧ |
| سۆران | ٢ | ١ | ١٧ | ١٠ | ٢٢٤ | ٦ |
| کۆی گشتی | ٣٨ | ٥٨ | ١٦٦ | ٩٥ | ٦٩٨٧ | ١٠١ |